# نووسـەك لە زمانی کوردیدا

## لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی- شیکارییە

(PP 245 - 253)

http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.2.15

**م.ی. ڕێبین خالد خضر (دڵکار)**

زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر- کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی

rebin.khdir@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2017/10/15**

**پەسندکردن : 2017/12/20**

**بڵاوکردنەوە : 2018/03/26**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی ( نووسەك لە زمانی کوردیدا ) سنووری لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دایە ، بۆیە نموونەی پێویست بە گوێرەی تەوەرەکانی بابەتەکە لە چوارچێوەی ئەم دیالێکتەدا ، بەپێی ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) شرۆڤەکراوە . هەرچەندە نووسەك کەرستەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆجییە ، بەڵام سنووری دەرکەوتنی لە چوارچێوەی گرێ و ڕستە دایە ، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە پێکداچوونێکی لەگەڵ زۆر دیاردەی تری مۆرفۆلۆجیدا هەیە وەك : گیرەك و پایەی بەند و پرتك و جێناو لە چوارچێوەی ئەرکە مۆڕفۆسینتاکسیەکانیاندا ، بۆیە لێکجیاکردنەوە و پێکداچوونی (نووسەك) مان لەگەڵ ئەم بابەتانە بە پێویستزانی . بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردۆتە سەر هەشت تەوەرە :- تەوەرەی یەکەم سەرەتایەکە بۆ چوونە ناو بابەتەکە ، تەوەرەی دووەم چەمك و پێناسەی نووسەك خراوەتە ڕوو ، تەوەرەی سێیەم باس لە سەرهەڵدانی بیرۆکەی نووسەك کراوە ، تەوەرەی چوارەم ئەو کەرەستە و نیشانانەی ڕۆڵی نووسەك لە زمانی کوردیدا دەبینن پۆلێنکراوە ، تەوەرەی پێنجەم جۆرەکانی نووسەك لە زمانی کوردیدا خراوەتە ڕوو ، تەوەرەی شەشەم ئەرکەکانی نووسەك ڕونکراوەتەوە ، تەوەرەی حەوتەم تایبەتمەندییەکانی نووسەك باسکراوە و لە تەوەرەی هەشتەمدا جیاوازی نێوان نووسەك و گیرەك بە نموونەی پێویست ڕوونکراوەتەوە.

**دەستەواژە گرنگەکان :** زاراوەکانی( نووسەك : نووسە : وشەبەست ) هاوواتان لە زمانی کوردیدا.

## پێشەکی

هەندێ دیاردەی زمانەوانی لە هەندێ زماندا بەدیدەکرێن ، کە زیاتر لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی بەراورددا دەکەونە بەرباس و خواس ، لە کاتێکدا لە ڕووی تێۆری ئابووریکردن لە زماندا ، بوونی ئەم دیاردانە بە وەبەرهێنان لە خودی کەرستەکانی زمانەکە هەژماردەکرێت و دەوڵەمەندی و ڕەسەنایەتی زمانەکەش دەخاتە ڕوو .یەکێك لەو دیاردە ڕێزمانییانە (نووسەك) ە ، کە گوزارشت لە زۆر ئامراز و نیشانە و مۆرفیم دەکات ، کە لە ڕووی سینتاکسەوە ئەرکی تایبەتی دەبینن ، نووسەك کەرستەیەکی دیاریکراو نییە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ، بەڵکو پۆلێکە لە فۆڕمی ڕێزمانی ، کە ئەرکی سینتاکسی دەبینن ، بە واتایەکی تر نووسەك پێناسە و زاراوە و تایبەتمەندی و ئەرك و جیاوازی و بەهای زمانەوانی خۆی هەیە و لە زۆر زماندا بە دی دەکرێت بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزی ، فارسی و کوردی ، ئەم دیاردە زمانەوانییە لە هەندێ لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیدا ڕاگوزەرییانە ئاماژەی بۆ کراوە ، بەڵام تاوەکو ئێستا لە دووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆدا نەکەوتۆتە بەر چاومان ، لەو گۆشەنیگایەوە گرنگیی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆمان بەپێویست زانی .

1ـ ناونیشانی توێژینەوەکە : ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( نووسەك لە زمانی کوردیدا ) یە.

2ـ ڕێبازی توێژینەوەکە : لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی – شیکاری) کراوە.

3ـ ئامانجی توێژینەوەکە : خستنە ڕووی ڕۆڵی(نووسەك) ە ، وەکو کەرستەیەکی مۆرفۆلۆجی ، کە لە چوارچێوەی سینتاکسدا ئەرکی ڕێزمانی دەبینن و پەیوەندییەکی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەم دێنێت ، ئەوەش لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو کەرەستانەی ئەرکی نووسەك لە زمانی کوردیدا دەبینن.

### 1- سـەرەتا :

زمان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە ، بەو مانایەی هیچ زمانێك لە زمانێکی تر ناچێت چ لە ڕووی ژینگەی بەکارهێنانوو چ لە بواری شیکاری گراماتیکییەوە ، چونکە چەند دیاردەیەکی ڕێزمانی لە چەند زمانێکدا بە دیدەکرێت ، کە مەرج نییە لە هەمووو زمانێکدا هەبن ، وەلێ نەبوونی هەر دیاردەیەك لە زمانێکدا واتای هەژاری زمانەکە ناگەیێنێت ، ئەوەش بۆ جیاوازی حاڵەتی تایپۆلۆژی زمان و

ئیعجازی زمانەوانی لە هەر زمانێکدا دەگەڕێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر زمانێك بنەمای ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە و تاکە جیاوازی نێوان زمانەکان لە پارامیتەرەکاندایە . هەر ئەوەش وایکردووە هەندێ دیاردەی زمانەوانی لە سەرجەم ئاستەکاندا (دەنگ و ڕێزمان و واتا) لە هەموو زمانەکاندا بەدی نەکرێن . بۆنموونە لە زمانی کوردیدا زۆر دیاردەی ڕێزمانی ، لەوانە بوونی (( ناوگر (infix) ، دۆخ (Case) ، نووسەك (clitic) ...هتد)) هەرچەندە لە قۆناغێکدا یاخود لە چەند وشەیەکدا بەدی دەکرێن ، بەڵام لە حاڵەتی ئێستای زمانەکەماندا بوونێکی کارایان نییە ، بۆیە لە گۆشەنیگای زانستی زمانەوە هیچ لۆجیکێك لەوەدا نییە ، تازە بە تازە باسوخواسی بۆ سازبکرێ و بوترێت زمانی کوردی زمانێکی ناوگرییە ، ئەگەرچی ناوگر لە حاڵەتی ئێستای زمانی کوردییدا بەدی ناکرێ ، هەرچەندە لە سەردەمی کۆنیشدا هەبووبێ ، ئەونموونانەی ئێستاش لە چەند وشەیەکدا دەبینرێن ، لە گۆشەنیگای زمانی عەرەبییەوە داتاشراون . یان بوترێت زمانی کوردی زمانێکی دۆخدارە ( هەرچەندە ئێستا لە تاکە دیالێکتێکیش ئاسەواری مابێت ) ، بەڵام مەرج نییە ئەم حاڵەتە بۆ ئێستای زمانەکەمان بگشتێنرێت ، دەربارەی بوون و نەبوونی حاڵەتی دۆخ هەندێ زمانەوان پێیان وایە ( لە سەرەتادا مەکارەس لە ژێر ڕۆشنای زمانانی تردا ، بوونی دۆخی لە زمانی کوردیدا لێکداوەتەوە) هەرچەندە لە چەند نموونەیەکی کەمدا دۆخ بەدی دەکرێت ، سەبارەت بە بوونی نووسەکیش لە زمانی کوردیدا هەیە و کەچی لە زمانی عەرەبیدا بەدیناکرێ ، نووسەك دیاردەیەکی مۆڕفۆلۆجییە ، بەڵام لە چوارچێوەی گرێ و ڕستەکاندا ئەرکی مۆڕفۆسینتاکسانەی خۆی دەبینێت . لە کۆتایدا دەڵێین : هەر زمانێك لەگەڵ بوونی بنەما و تایبەتمەندی خۆی ، جیاوازە لە زمانانی تر کە لە پارامیتەرەکانیدا دەردەکەوێت ، بۆیە لە ژێر هیچ پاساوێکدا شیاو نییە بەهۆی کاریگەری زمانی گەلانی سەردەستە و دەستڕۆیشتوو یان چاولێکەری بە زۆر چەند نموونەیەك بۆ بابەتێکی ڕێزمانی دابتاشرێت ، یاخود بە زۆر زمانەکەمان بخرێتە ژێر کاریگەری تیۆرێکی بە ناو گەردوونی لە کاتێکدا پرۆژەی زمانی گەردوونی لە بانگەشەوە هەرەسی هێناوە . چ جای بوونی ڕێزمانی جیهانی ( Universal Grammar) ؟!

**2- چەمك و پێناسەی نووسەك :**


نووسەك زاراوەیەکی ڕێزمانییە و فۆڕمێکە کۆکەرەوەی چەندین ئامرازی ڕێزمانییە کە ئەرکی نووسەك دەبینن . ( نووسەك بە شێوە لە وشە دەچێت ، بەڵام ناتوانرێت بە تەنها بەکاربێت وەکو گوتنێکی ئاسایی ، لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە سەربەخۆ نییە و فۆڕمێکی جیاوازی هەیە ، بە گوێرەی ئەو وشەیەی کە نووسەکەکە وەردەگرێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت . Clitics لە وشەیەکی گریکییەوە هاتووە leaning کە بە واتای ( لادان ، لاربوون ،-پاڵدان ،- ئاڕاستە ) دێت. ( Crystal 2003:76 ) . نووسەك وەکو هەردیاردەیەکی تری زمانەوانی بەگشتی و ڕێزمانی بەتایبەتی لە ڕووی چەمکەوە فرە زاراوەییەك لە خۆدەگرێ ، کە هەندێ ڕێزمانووس بە نووسە و هەندێکی تر بە وشەبەست و هەندێکی تریشیان بە نووسەك و هەندێکی تریان بە کورداندنی زاراوە ئینگلیزیەکە بە کلیتیك ناوی دەبەن .( زاراوەی نووسەك لە زمانی کوردیدا بەرانبەر هەریەك لە زاراوەی clitics ی زمانی ئینگلیزی و ( واژەبستهای ) زمانی فارسی دەوەستێت ، کە جۆرێکە لە مۆرفیمی بەند و جیاوازە لە گیرەك ( بەتایبەتی گیرەکی ڕێزمانی ) و بنکەی بەند هەرچەندە هەندێجار جۆرە تێکەڵیەك دەنوێنێ کە ئەمەش بەپێی هەندێ لە مۆرفەکانی مۆرفیم و جۆری زمانەکانە لە نیشاندانیاندا .( بازيان يونس محى الدين 2008 : 26) . کەچی نووسەك لە زمانی عەرەبیدا نییە ، بەڵکو لەبری ئەم پارامیتەرە ، جێناوی لکاو ( **ضمير المتصل**) ی هەیە ، بۆیە نووسەك بەرانبەر بە هیچ چەمکێك لە زمانی عەرەبیدا ناوەستێت . نووسەك تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە وشە بچووکترە و لە پێشگر و پاشگریش گەورەترە و واتادارە ، بەو مانایەی کە واتای ڕێزمانی بنجی وشەکە دەگۆڕێت نەك مانای چەمکی وشە ، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دۆخێکی ڕێزمانی بۆ وشەکە بەرهەمبهێنێت ، بۆ نموونە لە کاتی بەکارهێنانی مۆرفیمی بەندی بانگکردنی (- ە ) لە کۆتایی وشەی (کوڕ) دا کە دەبێتە ( کوڕە ) تەنها واتای ڕێزمانی بنجی وشەکە دەگۆڕێت لە حاڵەتی بانگکردندا ، نەك مانای چەمکی وشەکە { کوڕ } هەڵگری سیمای ( + نێر ، - ژنهێنان ) ، هەرچەندە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ڕووی بەکارهێنانی نووسەك بەرەو لێکدانەوەی سیمانتیکیمان دەبات ، بەڵام ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە نووسەك بە تەنها هیچ ئەرکێکی نییە ـ تەنها لە سنووری بەکارهێناندا نەبێت وەکو کەرەستەیەکی ڕێزمانی ئەرکەکەی ڕوون دەبێتەوە و دۆخێکی ڕێزمانی ( Grammar Case ) بە وشەکە دەبەخشێت . یەکێکی تر لە پێناسەکانی نووسەك دەڵێت : ( مەبەست لە زاراوەی نووسە ڕەگەزێکی ڕستەیە ، کە وەکو وشە سەربەخۆ نییە ، بەڵام لە پێشگر وپاشگریش زیاترە ، نووسەك زۆر کورتە بەشێوەی وشە یان ناو بە ڕستەوە دەنووسێ ، چونکە ناکرێ لێی جیابکرێتەوە ، نووسە لە ڕووی بەکارهێنانەوە لە زمانی ئینگلیزیدا دەگمەنە ، بەکارهێنانی کورتەی (ll ʼ ) کە کورتەی will لەگەڵ I لە (I ʼll ) بە نووسە دادەنرێ ، لە زمانی کوردیشدا دەکرێ هەموو جێناوی لکاو بە نووسە دابنێین ، چونکە ئەمانە زیاترن لە پێشگر وپاشگر، بە تەنها مانا بەخشن ، بەڵام جێناوی لکاو وەك ( م ، ت ، یان ، ی )

وەك جێگری (من ، تۆ ، ئەوان ، ئەو...) دیارە مانایان هەیە لە لایەکی دیکەشەوە کاتێ ئەو جێناوانە جێگای خۆیان دەگرن ناتوانرێ لاببرێن و دەبنە نووسە ، بۆنموونە لە ڕستەی (کتێبەکانم بۆ هێناوی .) لێرەدا هەریەکە لە نیشانەکانی (- ەك ، - ان ، م ) نووسەن . ( کەمال میراودەلی 2007 : 144ـ 145 ) . هەرچەندە نووسەك كەرەستەیەكی مۆرفۆلۆجییە ، بەڵام سنووری ئەرك و دەركەوتنی لە چوارچێوەی گرێ و ڕستەكان دایە ، كە وەكو دیاردەیەكی مۆرفۆسینتاكسی خۆی دەنوێنێت , هەروەها بەتەنها بەكارنایە و بەڵكو دەكەوێتە پێش و پاشی وشەوە ، بە واتایەكی تر ئەو نووسەكانەی دەكەونە پێش وشەوە و پێوەی دەلكێن بە پێش- نووسەك ناو دەبرێن و ئەوانەی دەكەونە پاش وشەكەوە بە پاش- نووسەك ناودەبرێن ، بۆنموونە لە ڕستەی ( دەبمە هاوڕێتان .) دا ، دەبینین كە وشەی (هاوڕێ) وەكو بنكەیەكی سەربەخۆ ڕەفتار دەكات و هەریەك لە كەرەستەكانی وە ك ( دە ، ب ، م ، ە) وەكو پێش- نووسەك وكەرەستەیەكی وەكو (تان) یش پاش- نووسەكە . یەكێك لە خاڵە گرنگەكانی باسكردنی دیاردەی نووسەك بە سەربەخۆی ، جیاكردنەوەیەتی لە گیرەكی ڕێزمانی و گیرەكی وشەدارێژ ، چونكە سەرەڕای تایبەتمەندیەكانی هەریەك لەم دوو جۆرە گیرەكە كەچی زۆرجاران جۆرە تێكەڵیەك لە نێوان تایبەتمەندیەكانی گیرەك و نووسەكدا ڕوودەدات ( ئەم تایبەتمەندیانەش لە باسكردنی جیاوازییەكانی نووسەك و گیرەكدا ڕووندەكەینەوە) ، چونكە نووسەكیش وەكو گیرەكی ڕێزمانی بەسەر یەكەوە دێن ، بەڵام هەردووكیان كۆتایی بە وشە دێنن .( وشەبەست مۆرفیمی بەندە بەتەنها بەكارناهێنرێت ، چونكە بەشێوەیەكی سەربەخۆ دەرناكەوێت و بەهۆی وشەیەك و لە كۆتایی و سەرەتایەوە دێت و كۆتایی بەپێكهاتنی وشەكە دەهێنێ ، واتە لە ڕووی وشەسازیەوە لۆكی دەكات ، چونكە چیتر ناتوانرێ دەستكاری بكرێت ، شوێنی وشە بەست لەناو گرێ و ڕستە دایە .( ڕەفیق شوانی 2011 :94) . لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین كە مەبەست لە لۆكردنی وشە ئەوەیە كە جگەلە نووسەكی تر هیچ گیرەكێكی وشەدارێژ و ڕێزمانی ناتوانێت بە دوای نووسەكەوە بێن ، بۆنموونە لە ڕستەی : ( هونەرمەندەكان هاتن . ) وشەی {هونەر} مۆرفیمێكی ئازادە و پاشگری – مەند مۆرفیمێكی بەندی وشە دارێژە و هەریەك لە مۆرفیمەكانی (-ەك و -ان ) مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین ونووسەكن ، ڕێگە بە مۆرفیمی وشەدارێژ نادەن بە دووایانەوە بێن . لەو سۆنگەیەوە جیاكردنەوەی سنووری هەریەك لە گیرەك و نووسەك و وشە جۆرە بەرچاو ڕوونیەك بە ئاخێوەرانی زمان دەبەخشێت ، چونكە زۆرجاران نووسەك وەك وشەیەكی بەند مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێ ، كەچی وشەش نییە ، لەبەرئەوەی وشە واتادار و سەربەخۆیە ، بەڵام نووسەك مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیە . ( دەبێ ئەوە بزانین كە مۆرفیمی بەند لە كوردیا هەیە لە شێوەی گیرەك و بنكەی بەند ( خۆ ) لە ( دەخۆم ) نایەت ، بەڵكو زۆرجار لە شێوەی نووسەكدا خۆی دەنوێنی َ ، جیاكردنەوەی نووسەك لە گیرەك و پرتك و وشەی سەربەخۆ لە كوردیا گرنگە ، چونكە زۆر لەو گیروگرفتانە چارەسەردەكات كە دێنە ڕێگەی جیاكردنەوەی مۆرفیمی وشەدارێژ و ڕێزمانی .(محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر2006 :32) .نووسەك بە شێوەیەكی گشتی جۆرە سەربەستییەكیان هەیە لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ گرێ و بەشەكانی ڕستەدا ، لە كاتێكدا ئەم جۆرە سەربەستییە لە گیرەكەكاندا بەدی ناكرێ . ( 87 : Fattah 1997) . یەكێكی تر لەو پێناسانەی كە بۆ نووسەك كراوە دەڵێت : (نووسەك ئەو مۆرفیمانەن كە ژینگەی دیاریكراویان نییە ، پۆلی ڕێزمانی جیاجیا هەڵدەبژێرن ، وەك ( ناو،ئاوەڵناو،گرێ...هتد) و پێوەی دەنووسێن وەك جێناولكاوەكان ،ت،م...هتد (شلێر ڕەسوڵ محمد 2004 : 92) لە كاتێكدا گیرەكە ڕێزمانیەكان زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بنكە و قەد و وشانەدا دەكەن ، كە پێوەی دەلكێن ، بۆنموونە مۆرفیمی {– ەكە } ی ناسیاوی بنكەی ناو یان ئاوەڵناو هەڵدەبژێرێ بۆ پێوە لكان لەمەش وردتر {– ەكە} بنكەی ئەو ناو و ئاوەڵناوانە هەڵدەبژێرێ كە دوادەنگیان كۆنسنانتە ، وەكو : شار +ەكە ⟵ شارەكە یان جوان +ەكە ⟵ جوانەكە ، كەچی مۆرفیمی (– كە) بەو ناو و ئاوەڵناوانەوە دەنووسێ ، كە دوادەنگی ڤاوڵ بێ ، وەكو: چرا +ەكە⟵چراكە .(محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر 2006 : 54) . واتە لە ڕووی هەڵبژاردنی كەرەستەكانەوە جۆرە سنووربەندیەك لە گیرەكە وشە دارێژ و ڕێزمانیەكاندا بەدی دەكرێ لە چاو نووسەك .

**3ـ سەرهەڵدانی بیرۆكەی نووسەك :**

لە دیاریكردنی بیرۆكەی مۆرفیم و جۆرەكانی ، بەپێی ئەو لێكۆڵینەوانەی كە كراون چەندین پۆلێنكردن و بنەمای جیاواز بۆ جۆرەكانی مۆرفیم بەپێی بۆچوونی زمانەوانەكانەوە كراوە ، بە جۆرێك هەندێكیان تەنها بۆ دووبەش مۆرفیمی بەند و ئازاد دابەشی دەكەن ، كەچی هەندێكی تریان بیرۆكەی دابەشكردنەكە وردتردەكەنەوە ، بۆ مۆرفیمی ئازادی فەرهەنگی (لێكسیكی) و مۆرفیمی ئازادی ئەركی و مۆرفیمی بەندیش دووجۆرە ئەوانیش مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ووشە دارێژ. (یەكێك لە كەموكورتییەكانی ئەم پۆلكردنە لەوەدایە كە هەندێ جیاوازیی لە نێوان مۆرفیمە بەندەكاندا پشتگوێی دەخات وەك جیاكردنەوەیان بەپێی شوێنیان لە وشەدا : پێشگر وپاشگر و ناوگر و جووتگر...هتد) ، دیسان ئەو مۆرفیمەبەندانەی كە بە (گرێ) وە دەنوسێن (نووسەك) جیاناكاتەوە لە وانەی بە وشەوە دەلكێن (گیرەك) ، هەروەها (بنكە) كە لە بیرۆكە بنەڕەتیەكانی مۆرفۆلۆجییە ، شوێنی نە دراوەتێ لە پۆلێنەكەدا

(محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر  2006 :29) . لێرەدا دەبینین لە پۆلێنکردنەکانی پێشوودا بە هیچ جۆرێك باس لە بنكەی بەند و نووسەك و گیرەك و جۆرەکانی نەکراوە ، وەك ئەوەی هیچ شوێنێکیان نەبێت لە پۆلێنەکە دا. بۆیە باشترین پۆلێنکردن لەم هێلکاریەی خوارەوەدا دەبینین :-




**4- نووسەك لە زمانی کوردیدا :**

مەبەست لەو کەرەستە و نیشانانەیە کە ڕۆڵی نووسەك لە زمانی کوردیدا دەبینن ، ئەمەش بەوەرگرتنی  تایبەتمەندییەکانی نووسەك ، چونکە هەمان ئەو کەرەستانە لە میانی بەکارهێنانیان لەچوارچێوەی تردا ئەرکی ڕێزمانی تر دەبینن . بۆنموونە کۆمەڵەی جێناوەلکاوەکان ئەرکی خاوەنیەتی و ڕێکەوتن وەکو بکەر و بەرکار بەپێی کات و جۆری کارەکە دەبینن ، هەروەها نیشانەی (– ەکە ) ناسراوی و ئەلەمۆرفەکانی سەرەڕای ئەوەی نیشانەی ناسراویە ، بەهۆی وەرگرتنی تایبەتمەندییەکانی  نووسەکیش ، ئەرکی نووسەك لەچوارچێوەی گرێ و ڕستەکاندا دەبینن ، بەگشتیش ئەو کەرەستە و نیشانانەی کە لە زمانی کوردیدا ئەرکی نووسەك دەبینن ، بریتین لە ( جێناوە لکاوەکان ، مۆرفیمەکانی نەفیکردن( نە ، نا ، مە ) ، مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و باڵا (– تر ،- ترین ) ، مۆرفیمی( – ێ ) بەواتای کات و شوێن ( ڕۆژێ ، گوندێ ) ، نیشانە(مۆرفیم) ی بکەر نادیار ( ر ) ، نیشانەی ناسیاوی (– ەکە) و ئەلەمۆرفەکانی( -ە ، ەك ، ك ، کە) ، نیشانەی کۆ(ان) و ئەلەمۆرفەکانی(ان ، هات ، ات ، جات ، گەل ) ، مۆرفیمی بەندی بانگکردن ، وەك : ( ە : کاکە ، ۆ: خاڵۆ ، ی : میمی ، ێ : کچێ ، ینە : کچینە ) ، پاشناوەکان ، وەك : ( دا : لە ماڵەکەدا ، وە : لە ژوورەوە ، ڕا : لە کەرکوك ڕا ، وە : بە دەرگاوە ) ، بەڵام لە زمانی فارسی جگەلەمانە نیشانەی نەناسیاویش بە نووسەك دادەنرێت . سەبارەت بە نیشانەی نەناسیاوی (– ی ) و دانانی بەنووسەك لەفارسیدا بۆ تایبەتمەندیەکانی زمانەکە دەگەڕێتەوە ، لە کاتێکدا زمانی کوردی و فارسی سەربەیەك خێزانە زمانن ، کەچی زمانناسانی کورد نیشانەی نەناسیاوی بە گیرەك دادەنێن نەك نووسەك ، چونکە ئەگەر تێبینی بکەین نیشانەی نەناسیاوی شوێنی خۆی ناگۆڕێت و هەردەم بە بنکەوە دەلکێت ، ئەمەش بە بەراوردکردنی لەگەڵ نیشانەی ناسیاویدا ، بۆنموونە :

**أ ـ جووتیارێکی بەئەزموون و چالاك دەناسم .      ( نیشانەی نە ناسیاوی )**

**ب ـ مامۆستایە هەژارە دڵسۆزە زیرەکەکە هات .   ( نیشانەی ناسیاوی )**

دەبینین کە چۆن نیشانەی نەناسیاوی بە بنکەوە دەلکێت و شوێنی خۆی ناگۆڕێت ، کەچی نیشانەی ناسیاوی چالاکترە و شوێنی خۆی دەگۆڕێت مەرج نییە بە بنکەوە بلکێت ، ئەم سیفەتەی نیشانەی نەناسیاوی لە گیرەکی نزیك دەکاتەوە نەك نووسەك .( ئەم هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنەی بنکەش کاتێ دەردەکەوێ کە نووسەکێکی وەك (– ەکە ) لەگەڵ پاشگرێکی وەك (- ێك )  دا بەراورد بکەین : (-ەکە) لەبەرئەوەی نووسەکە بەدوای دواکەرستەی گرێکەوە دەنووسێ ، بەڵام (– ێك) لەبەرئەوەی وەك گیرەك بەکاردێ بەدوای ناوەکەوە دەلکێ.( محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر  2006 : 33) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هەر کەرەستەیەك بنکەی وشە هەڵبژێرێت ئەوا گیرەکە نەك نووسەك.

**5- جۆرەکانی نووسەك لە زمانی کوردیدا :**

نووسەکان بەپێی دەستوور و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك شوێنی خۆیان لە ڕستەدا دەکەنەوە ، سەبارەت بە جۆرە باوەکانی نووسەك ، بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی ئینگلیزیدا دوو جۆرە کە بریتین لە :

**4-1 ـ دەستەی یەکەم** ( بەرگر یان پێش بەست ـ pro clitic ) :- کە پشت بە وشەکانی دوای خۆیانەوە دەبەستن . بۆنموونە مۆرفیمەکانی نەفیکردن (نە ، نا ، مە) پشت بە وشەکانی دوایخۆیانەوە دەبەستن ، بەتایبەتیش جۆری کارەکە لە ڕووی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو ، بۆنموونە : (بردم ⟵ نەبەی ، دەکەم ⟵ناکەم ، دەڕۆم ⟵ مەڕۆ ) .

**4 ـ2ـ دەستەی دووەم** ( دواگر یان پاش بەست ـEn clitic or post clitic-) :- کە پشت بە وشەکانی پێش خۆیان دەبەستن و دەکەونە دوای ڕەگەوە ، بۆنموونە : مۆرفیمی بەندی بانگکردن ، وەك : ( ە : کاکە ، ۆ: خاڵۆ ، ی : میمی ، ێ : کچێ ، ینە : کچینە ) . ( Trask,R.L 1993:64) . ئەگەرچی لە هەندێ زمانی تردا وەکو زمانی ئیسپانی و ئیتاڵی ئاماژە بە دوو حاڵەتی تر ( clitic-climbing & clitic-doubling ) کراوە . بۆ ئەمەش جێناوە لکاوەکان دیارترین جۆری وشە بەستەکانن ، بە پۆلی نووسەك ناوبراون لە ڕێکخستنی کەرەستە دەربڕاوەکاندا ڕۆڵی بکەری و خاوەنیەتی و دەرخەری و کەسی قسەکەر و گوێگر و باسکراو تاك و کۆ دەبینن .( یارا قادر حمە 2008: 24) . هەروەها پێش کلیتیك و پاش کلیتیکەکان دەتوانن ئەرکەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن ، بەتایبەتیش لە کاری ڕابردوو و ڕانەبردوودا ، لە کاتێکدا کە کاری ڕستەکە ڕابردوو بوو ئەوا کۆمەڵەی ( م- ، مان ) دەبنە وشەبەستی بکەری و کۆمەڵەی ( م-، ین ) دەبنە وشە بەستی بەرکاری ، بەڵام لە کاری ڕانەبردوودا کۆمەڵەی ( م -، مان ) دەبنە وشەبەستی بەرکاری و کۆمەڵەی ( م- ، ین ) دەبنە وشە بەستی بکەری ، بۆنموونە :

- گرتمانن .          (کاری ڕابردوو)
- دەیانهێنین .       (کاری ڕانەبردوو)

بەڵام لە زمانی کوردیدا نووسەك بە جۆرێکی تریش پۆلێنکراوە ، کە بریتین لە نووسەکی سادە ( Simple Cliticization ) و نووسەکی ئاڵۆز ( Complex Cliticization ) ، نووسەکی سادە واتە ئەو گرێ ناوییەی نووسەك وەردەگرێ پەیوەندی بە تێنسی کارەکەوە نییە ، بەڵام لە نووسەکی ئاڵۆز دا ئەو گرێ ناوییەی نووسەك وەردەگرێ پەیوەندی بە تێنسی کارەکەوە هەیە . ( Amin 1979 : 73--74) ، بۆ نموونە :

- من بە یادی تۆ ئەژیم .          (نووسەکی سادە)
- تۆ بۆ ئێمەت لە بیرچوو ؟         (نووسەکی سادە)
- من تۆم ناسی .                  (نووسەکی ئاڵۆز)
- خۆزگە پێشتر ئەمناسیت .         (نووسەکی ئاڵۆز)

**6- ئەرکەکانی نووسەك :**

نووسەك وەکو هەر کەرستەیەکی ڕێزمانی لە سیاقی ڕستە دا ئەرك دەبینن ، کە زیاتر ڕێکەوتنە لە نێوان بکەر و بەرکار دا ، ئەمەش دوو جۆرە ئەرکی پێکداچوو لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەوە لە نووسەکەکانی زمانی کوردیدا بەرهەمدێنن ، کە زیاتر لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکس دەردەکەون ، کەواتە نووسەك لە زمانەکەماندا دوو ئەرکی سەرەکی دەبینن (نووسەکی بکەری Subjuct Clitics) و نووسەکی بەرکاری (Object Clitics) ، کە لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا چالاکن ) .(محمدی مەحوی 2001: 83) . مەبەست لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیش واتە ئەو کەرستە مۆرفۆلۆجییانەی لە سیاقی ڕستە دا ئەرکی بکەر و بەرکار دەبینن و لە بری فۆڕمی پڕ لە فۆڕمی کورتکراو دا دەردەکەون ، بۆ نموونە ڕەگی کاری (ناردن) لە کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو دا بەراورد دەکەین .

**کاتی ڕانەبردوو**

- ئێمە ئەوان دەنێرین .
- دەیانێرین .          دەیان (نووسەکی بەرکاری)  نێر (ڕەگی کردار)  ین (نووسەکی بکەری)

**کاتی ڕابردوو**

- ئێمە ئەوانمان نارد .
- ناردمانن .           نارد (ڕەگی کردار) + مان (نووسەکی بکەری) + ن (نووسەکی بەرکاری)

ئەم تایبەتمەندییەی نووسەك لە لایەك ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نووسەك لە فۆڕمی پڕ و کورتکراودا دەردەکەون ، لە لایەکی ترەوە کۆمەڵەی جێناوە لکاوەکان ، کە ئەرکی نووسەکی بکەری و نووسەکی بەرکاری دەبینن لە ڕستە دا، بەپێی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو پۆلێن دەکات .واتە ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردوو بوو ئەوا کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان (م- مان،ت- تان،ی- یان) دەبنە نووسەکی بەرکاری و کۆمەڵەی دووەم (م- ین ، یت-ن ،Ø-ن ) دەبنە نووسەکی بکەری ، بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردوو بوو ئەوا کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان (م-مان ، ت-تان ، ی--یان) ، دەبنە نووسەکی بکەری و کۆمەڵەی دووەم (م-ین ، یت-ن ، Ø-ن ) دەبنە نووسەکی بەرکاری .

**7- تایبەتمەندییەکانی نووسەك :**

لەم تەوەرەیەدا بۆ زیاتر ناساندنی تایبەتمەندییەکانی نووسەك و جیاکردنەوەی لە گیرەك لە ڕووی بنکەی ئەو وشانەی پێوەی دەلکێن ، نووسەکەکان تاڕادەیەك ئازادن لە چاو گیرەکەکان .( نووسەکەکان لە چوونە سەر ئەو بنکانەی پێیانەوە دەنووسێن ، واتە بوار و سنووری کارکردنیان زیاترە لە گیرەکەکان هەروەها نووسەکەکان دەتوانن بەدوای گیرەکە ڕێزمانی و وشەداڕێژ و نووسەکێکی دیکە شەوە بێن ، بەڵام گیرەك ئەو توانایەی نییە وە هاتنی دوو نووسەکی هەمان کۆمەڵەی جێناوەکان بەسەریەکەوە ئاساییە ، بەڵام هیچ کات دوو نووسەکی کۆمەڵەی دیکە (م ، ین ) بەسەریەکەوە نایەن .(حیدەر حاجی خدر 2010: 93) . لەگەڵ ئەوەشدا ، نووسەك خاوەنی چەندان تایبەتمەندی ترە لەوانە ، نووسەك (مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە ، سەربەخۆ بەکارنایەت ، لە ڕووی وشەسازیەوە وشە لۆك دەکات ، لە سەرەتا و کۆتایی وشەوە دەردەکەوێت شوێنی لە ناو گرێ و ڕستەدایە ، واتە لە ئاستی ڕستەسازییدایە ، شوێنی دیاری نییە تا نەچێتەسەر وشە و هەموو مۆرفیمێکی ڕێزمانی نابێتە وشەبەست .( ڕەفیق شوانی 2011 : 94) . لێرەدا دەگەینە چەند تایبەتمەنیەکی گشتی بۆ نووسەکەکانی زمانەکەمان ، لەوانە :

1ـ نووسەك مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە ، لە وشە بچووکترە و لە پێشگر و پاشگریش گەورەترە ، سەربەخۆ بەکارنایەت و بەڵکو بە کەرەستەی ترەوە دەلکێت وەکو گرێ و ڕستە ، کە تاڕادەیەك بە بەراورد بە گیرەك ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو کەرەستانەی کە پێوەی دەلکێ .

2ـ چەند نووسەکێك بە سەریەکەوە دێن و کەرەستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی دروست دەکەن .

3ـ لە ڕووی وشەسازیەوە وشە لۆك دەکەن ، فۆڕمێکی گراماتیکی بەوشە دەبەخشن واتە ڕێگە بە هیچ گیرەکێکی ڕێزمانی و وشەداڕێژ نادەن بە دووایانەوە بێن ، بەڵام نووسەکەکان بە دوای گیرەکە وشەداڕێژ و ڕێزمانیەکانەوە دێن .

4ـ نووسەك لە سەرەتا و کۆتایی وشەوە دێن ، ئەو ڕاستیەش لەبەر ڕۆشنای جۆرەکانی گیرەك (بەرگر و دواگر) گەڵاڵە دەبێت .

5ـ نووسەك هێز ( Stress ) وەرناگرێت ، بەڵکو هێز دەچێتەسەر ئەو وشەیەی کە نووسەك وەردەگرێ . ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەك فۆرمێکی ناسەربەخۆی هەیە لە بەکارهێناندا بۆیە ناتوانرێت هێزدار بکرێت . (Fattah : 1997: 86 ) . ئەم حاڵەتەش زیاتر لە بەراوردکردنی فۆرمی جێناوە سەربەخۆ و لکاوەکاندا دەردەکەوێت .

6ـ نووسەك لە فۆڕمی کورتکراو و پڕدا دەبینرێن .

7ـ نووسەك کۆمەڵەی جێناوە لکاوەکان بە پێی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو پۆلێن دەکات ، کە ئەرکی نووسەکی بکەری و نووسەکی بەرکاری دەبینن .

**8ـ جیاوازی نێوان نووسەك و گیرەك :**

زۆرجاران لە هەڵاوێرکردن و جیاکردنەوەی جۆرەکانی مۆرفیم جۆرە تێکەڵیەك ڕوودەدات ، بۆیە بۆ پتر ئاشنابوون بە گیرەك و نووسەکەکانی زمانەکەمان لە چەند خاڵێکدا جیاوازی نێوانیان دەخەینە ڕوو، لەوانە :

**یەکەم** ـ نووسەك تاڕادەیەکی زۆر ئازادە لە هەڵبژارنی ئەوکەرەستانەی کە پێوەی دەلکێ ، بەڵام گیرەك بە پێچەوانەوەیە ، بە واتایەکی تر نووسەك شوێنی لە ناو ڕستە دایە و بە (گرێ) وە دەلکێ، نەك بە وشە (لەکاتێك دا گیرەك وردن لە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی یان بنکانەی پێیانەوە دەلکێن ، نووسەك گوێ بە وشە نادات و بنکە هەڵنابژێرێ بەکەرتێکی ڕستەوە بەتایبەتی بە( گرێ ) وە دەلکێ ، بۆنموونە نووسەکی کەسی دووەمی تاك (- ت ) لەم ڕستانەدا هەرجارەی بە شوێنێکەوە دەلکێ :

ا ـ گوڵی خەمت خەملیوە . ( بە (گرێ) وە لکاوە )

ب ـ خوێندنەکەت تەواو بکە . ( بە (بەرکار)ەوە )

پ ـ ناردت .                ( به كۆتایی (كار)ه‌وه )

ت ـ ده‌تزانی .                ( به مۆرفیمی (ڕووكار)ه‌وه )

ج ـ خوێندكاری ژیرت خۆشبووێ .                ( به (ئاوه‌ڵناو)ه‌وه )

چ ـ نه‌ت ده‌ناسی .                ( به مۆرفیمی (ناكردن)ه‌وه )

ح ـ زۆرت ئازار چێشت .                ( به‌(ڕاده) وه )

خ ـ لێت قه‌وما .                ( به (ئامرازی به‌ند)ه‌وه ) .

**دووه‌م** ـ نووسه‌ك له‌ڕووی شێوه‌ی ده‌ركه‌وتنه‌وه به دوو فۆڕم یان زیاتر ده‌رده‌كه‌ون ، كه‌چی گیره‌كان یه‌ك فۆرمی چه‌سپاویان هه‌یه (نووسه‌ك ئه‌گه‌ر چی هه‌ندێجار له دوو شێوه‌ی جیاوازدا ده‌بینرێت شێوه‌یه‌كی به‌ند و شێوه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ ، به‌ڵام هه‌ردوو شێوه‌كه یه‌ك ئه‌رك جێ به‌جێ ده‌كه‌ن ، مه‌رجیش نییه ئه‌م دووفۆڕمه له دابه‌شبوون و هاتن له ڕسته‌دا یه‌ك شوێن بگرن وه‌كو یه‌ك بن ، بۆنموونه:

من ئه‌وان ده‌ناسم .          ده‌یاناسم .

به‌پێچه‌وانه‌وه گیره‌كان یه‌ك شێوه‌یان هه‌یه ، هه‌رچه‌نده فۆڕمه‌كه هه‌ندێجار له شێوه‌ی چه‌ند ئه‌له‌مۆرفێك دا دێن ، ئه‌مه‌ش زیاتر له بۆشایه‌كی هه‌ره‌میدا كارده‌كات له نێوان كۆمه‌ڵێك له پێكهاته‌كان ، چونكه مه‌رج نییه هه‌مووگیره‌كێك ئه‌له‌مۆرف دروست بكات ، گیره‌ك هه‌یه ، كه ئه‌له‌مۆرفی نییه. بۆ نموونه : گیره‌كی (گه) له‌وشه‌ی( ڕێژگه ) دا ئه‌له‌مۆرفی تری نییه ، به‌ڵام گیره‌كی (كۆ) ئه‌له‌مۆرفی هه‌یه :

| مۆرفیمی (كۆ) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مۆرف | مۆرف | مۆرف | مۆرف | مۆرف |
| / ـ ان/ | / ـ ات/ | / ـ گه‌ل/ | / ـ هات/ | / ـ جات / |

**سێیه‌م** ـ چه‌ندین نووسه‌ك ده‌توانن به‌سه‌ریه‌كه‌وه‌بێن ، له كاتێكدا ئه‌م گونجانه و پێكه‌وه هاتنه گیره‌كی ڕێزمانی و وشه‌داڕێژ دابه‌شده‌كات ، چونكه ته‌نها گیره‌كه وشه‌داڕێژه‌كان له‌م سیفه‌ته‌یاندا له نووسه‌ك ده‌چن و به‌سه‌ریه‌كه‌وه‌دێن له بنكه‌یه‌كدا ، به‌ڵام گیره‌كه ڕێزمانیه‌كان به پێچه‌وانه‌ی نووسه‌كه‌وه به‌سه‌ریه‌كه‌وه نایه‌ن ( واته له پێكهاته‌یه‌كدا ده‌كرێ چه‌ند نووسه‌كێك كۆببنه‌وه ، بۆنموونه :

كوڕه‌كانیانم دی . ( ه‌كه ، ان ، یان ، م ) چوار نووسه‌ك به‌سه‌ریه‌كه‌وه‌هاتوون .

ئاشكرایه ئه‌گه‌ر ئه‌م نووسه‌كانه به پاشگر دابنرێن ، ئه‌وا ئه‌و مه‌رجه‌ی كه گیره‌كی ڕێزمانی ناچنه سه‌ریه‌ك یان له‌گه‌ڵ یه‌ك كۆنابنه‌وه تیاده‌چێ و ئه‌م تایبه‌تیه نووسه‌ك له گیره‌كی وشه‌داڕێژ جیاناكاته‌وه ، چونكه ئه‌مانه‌ش وه‌ك نووسه‌ك ده‌شێ له‌سه‌ریه‌ك كۆببنه‌وه ، وه‌كو:

-هونه‌رمه‌ندێتی خواكرده . (- مه‌ند و - ێتی ) پاشگری وشه داڕێژن .(محمد معروف فتاح و سه‌باح ڕه‌شید قادر 2006 : 34) .

**چواره‌م** ـ نووسه‌ك ، فۆڕمێكی گراماتیكی دروست ده‌كات ، ناتوانرێ جێگۆڕكێی پێبكرێت ، به‌ڵام گیره‌ك به‌هۆی كرده سینتاكسیه‌كانه‌وه له ڕسته‌دا جێگۆڕكێیان پێده‌كرێت ( وشه‌ی گیره‌كی دوای دروستبوونی به‌هۆی یاساكانی سینتاكسی كاریگه‌ری یاساكه‌ی هه‌ر له‌سه‌ر ده‌مێنێت ، بۆنموونه : پاش و پێشكردنی وشه‌كان له ڕسته‌دا به یاسای سینتاكسی داده‌نرێت به مه‌به‌ستی جه‌ختكردن له‌و وشه‌یه‌ی دێته سه‌ره‌تای ڕسته‌كه‌وه ، كه به یاسای به لوتكه‌كردن (Topecalization) ناوده‌برێ ، وه‌ك :

پێشمه‌رگه‌یه‌ك دوێنێ بۆ به‌ره‌كانی جه‌نگ چوو.

یان

دوێنێ پێشمه‌رگه‌یه‌ك بۆ به‌ره‌كانی جه‌نگ چوو .

به‌ڵام ئه‌و وشانه‌ی به‌هۆی نووسه‌كه‌كانه‌وه دروستبوونه وه‌ك به‌شه ئاخاوتنی كار كه جێناوه لكاوه‌كانیان پێوه‌نووساوه دوای دروستبوونیان كاریگه‌ری یاسا سینتكسیه‌كانیان له‌سه‌ر نامێنێت ، به‌هۆی ئه‌وه‌ی واتای ڕسته‌یه‌كی ته‌واو ده‌به‌خشن و توانای جێگۆڕكێیان نابێت ، وه‌ك :

ده‌گرم          نابێته          ده‌مه گر

**پێنجەم** ـ نووسەك هیچ جۆرە ناوێزەییەکی تیابەدی ناکرێ ، بەڵام ناوێزەیی مۆرفۆلۆجی و واتایی لە گیرەکەکاندا هەیە .( لە زماندا وارێك ناکەوێ کە بنکەیەکی گونجاو نووسەکەکەی وازلێبهێنێت یان نووسەکێك واتایەکی جیاواز یان ئەرکێکی جیاواز بهێنێتە ناو ڕستەوە ، بەڵام ناوێزەیی و نارێکی ئاسایی لە گیرەکی جۆری تردا زۆرە ، بۆنموونە ناکرێ لە ڕستەدا نووسەکێکی پێویست نەبێت ، هەروەك ناشکرێ نووسەکەکە واتا یان ئەرکی خۆی بگۆڕێ لە ڕستەیەکی وەك : کابراکەم دی . نووسەکی ( م ) نە بەواتای کەسێکی تر جگە لە کەسی یەکەمی تاك دێت ، نە بنکەکەشی دەتوانێ ڕەتی بکاتەوە ، بەڵام پاشگرێکی خۆیەتی وەکو (م) هەندێجار بەبێ هۆیەکی ئاشکرا لەگەڵ ناوێکدا کۆنابێتەوە بۆنموونە : لە زارەکەی مندا گرێی وەك ( بەرخم ، ماڵم ، کتێبم ) بوونی نییە لەکاتێکدا قاچم ، سەرم ، دەستم ... هتد کە وەك یەکن لە پێکهاتندا (ناو +پاشگری خۆیەتی ) ئاسایی دەبینرێت .(محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر 2006 : 34) . ئەم تایبەتمەندییەی نووسەك دەرفەتی ناسینەوەی ئاسانتر دەکات ، بەڵام ناوێزەیی واتایی لە گیرەکی وشەداڕێژ و ڕێزمانیدا بە ڕوونی دەبینرێت ، بۆ نموونە : گیرەکی وشەداڕێژی (مەند) کە بە زۆری بۆ مەبەستی خەستکردنەوە و ڕۆچوون و ئەزموونداری لە پیشەیەکدا بە نموونەی ( هونەرمەند ، بەهرەمەند ، هۆشمەند ...) بەکاردێ ، لە کاتی دروستکردنی هاوەڵناوی بکەری داڕێژراودا دەتوانین بڵێین : (باخەوان) ، بەڵام ناتوانین بڵێین : (باخمەند) . هەروەها لە گیرەکە ڕێزمانییەکاندا ، پاشگرێکی وەك ئەلەمۆرفی [ یان ] ی مۆرفیمی کۆ [ ان ] کە بە زۆری بۆ (کۆ) بەکاردێ ، لەگەڵ هەندێ ناودا ئەم ئەرکە واتاییە لە دەست دەدات و بە واتای شوێن دێت ، بۆ نموونە : لە وشەکانی ( موکریان ، ئاکۆییان ، گەرمیان ، بازیان ، جزیریان...هتد) واتای شوێن دەدات .

**شەشەم** ـ لە ڕووی بەکارهێنانەوە ، بە بەراورد بە گیرەك ، نووسەك بە تەنها بەکارناهێنرێت ، بەڵکو ( بە جۆرێك لە جۆرەکانی وشە دادەنرێت ، کە ناتوانرێت وەکو گیرەك بە سەربەخۆی بەکار بهێنرێت ، بەڵکو بە پێش یاخود پاش وشەوە دەلکێت ، بە پێچەوانەی گیرەك ، وەك بەشێك لە پێکهاتەی وشەکە دانانرێت . ( ایران کلباسی 2001: 25) . بۆنموونە : کورتکراوەی ( is ' s , have_ 've ) لە کاتی بەکارهێناندا نەبێت لە سنووری ڕستەدا ، کە ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن ، بە تەنها هیچ مەدلوولێکیان نییە لە زماندا . لە کاتێکدا گیرەك سەربەخۆیە لە بەکارهێناندا .

**ئەنجام**

1- بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەرەستە و نیشانانەی کە لە زمانی کوردیدا ئەرکی نووسەك دەبینن بریتین لە: (جێناوە لکاوەکان ، مۆرفیمەکانی نەفیکردن ، مۆرفیمەکانی پلەی بەراورد و باڵا ، مۆرفیمی( – ێ ) بەواتای کات و شوێن ، نیشانە(مۆرفیم) ی بکەر نادیار ، نیشانەی ناسیاوی و ئەلەمۆرفەکانی ، نیشانەی کۆ و ئەلەمۆرفەکانی ، مۆرفیمی بەندی بانگکردن ، پاشناوەکان ) .

2ـ بە بەراورد بە گیرەك ، نووسەك توانای جووڵەیان هەیە و وشە لۆك دەکەن بە ڕووی گیرەکەکاندا ، واتە نووسەك وشە دەبەستێتەوە ، ئەمەش وایکردووە لە زمانی کوردیدا زاراوەی (وشەبەست) بۆ نووسەك بە کاربێت .

3ـ هیچ جۆرە ناوێزەییەك لە نووسەکانی زمانەکەماندا بەدی ناکرێ ، کەچی ناوێزەی لە گیرەکەکاندا سەرهەڵدەدات .

4ـ نووسەك کۆمەڵەی جێناوە لکاوەکان بەپێی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو پۆلێن دەکات ، کە ئەرکی نووسەکی بکەری و نووسەکی بەرکاری دەبینن .

## سەرچاوەکان

### أ ـ بە زمانی کوردی :


1ـ بازیان یونس محی الدین (2008) ، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی وسینتاکس ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین .

2ـ حەیدەرحاجی خدر(2010) ، تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆجیەکانی زمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین .

3ـ ڕەفیق شوانی (2011) ، وشەسازی زمانی کوردی ، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر.

4ـ شلێر ڕەسووڵ محەمەد(2004) ، یاساکانی دارشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا،کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین .

5ـ کەمال میراودەلی (2007) ، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی ، چاپی یەکەم ، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی ـ سلێمانی .

6ـ محەمەدی مەحویی (2001) ، ڕستەسازیی کوردیی ، زانکۆیی سلێمانی .

7ـ محەمەد مەعروف فتاح و سەباح ڕەشیدقادر(2006) ، چەندلایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی ، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی .

8ـ یارا قادر حمد (2008) ، مۆرفۆسیینتاکس لە زاری کۆیە ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی کۆیە .


### ب ـ بە زمانی فارسی :


9ـ ایران کلباسی (2001/1380) ، ساخت اشتقاقی واژه در فارسی امروز، چاپ دوم ، شرکت چاپ فرشیوه، تهران .


### ج ـ بە زمانی ئینگلیزی :


10--Amin.W.O. (1979) A aspects of The Verbal construction in Kurdish,2nd ed. Kurdish Academy Publications: Hawler. -

11--Crystal,D.(2003) A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Black well publishing: UK.-

.12- Fattah.M.M.(1997) A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Doctoral Dissertations: University of Amsterdam.-

13 Trask, R.T (1993) A dictionary of Grammatical terms in linguistics, Rutledge: London.



**ملخص**

هذه الدراسة الموسومة بـ (( نووسەك في اللغة الكردية )) وحدود البحث ضمن لهجة (كرمانج) المتوسط, لذا فنماذج البحث المطلوبة حسب فقرات الموضوع قد حللت وفق هذه اللهجة بطريقة التحليل- الوصفي،و(نووسەك) أداة مورفولوجي،ولكن حدود وظيفته في السياق والعبارة والجملة،وله اختلاط مع أكثر الظوهر الصرفية الأخرى مثل :- ( گيرەك و پايەی بەند و پرتك) والضمير المتصل ضمن حدود (مورفوسنتاكسى)، ولهذا قصدنا أن نميّز (نووسەك) عن هذه مواضيع، ولذ قسّمنا البحث في ثمانية مباحث : المبحث الاول عبارة عن مقدمة للبحث ، والمبحث الثاني يبحث في مفهوم (نووسەك) و تعريفه ، والمبحث الثالث يبحث عن بروز فكرة (نووسەك)، ويحاول الباحث في المبحث الرابع يبحث عن (نووسەك) في اللغة الكردية، وفي المبحث الخامس تصنيف أنواع (نووسەك) في اللغة الكردية ، والمبحث السادس توضيح وظائيف (نووسەك) ، والمبحث السابع توضيح لخصائص (نووسەك)، والمبحث الثامن والآخير يوضح الفرق بين (نووسەك) و( گيرەك ) حسب النماذج المطلوبة.



**Abstract**

This study is titled “Clitic in Kurdish language”. The scope of the research only includes the Dialect of Central Kurdish (Sorani). Therefore, the examples presented here are relevant to this dialect and they are analysed according to Synchronic-Analytic method. Although Clitic is an element in the study morphology, it functions on phrase and sentence level. It is correlated to other morphological phenomena such as affixes, inflectional morphemes and attached pronouns within the boundary of their morpho-syntactic functions. Therefore, a distinction should be made between these phenomena and Clitic. Accordingly, the study is divided into eight sections: Section One is an introduction to the topic. Section Two demonstrates the concept and definition of Clitic.Section Three deals with the arrival of the concept of Clitic in Linguistics. In Section Four, Clitic in Kurdish language. Section Five Clitic are classified. Sectoin Six explains the Functions of Clitic. In Section Seven examines the Speciality (characteristics) of Clitic. Moreover, there is a contrast between Clitic and Affixes in Section eight demonstrated through relevant examples.